# کورد لە کوێی هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقدایە ؟

10-12-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : چەند ڕۆژ بەرلە ئێستا جارێکی دیکە لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لە پەرلەمان بە سەرۆکایەتی فالح ئەلساری کۆبووەوە و لەوەشدا، چارەنووسی ماددەی 140 مژاریکی گفتوگۆبووە

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژكار لە ناوەندی لێكۆڵینەوەی رووداو|

**بەرایی**

چەند رۆژ بەرلە ئیستا جارێكی دیكە لیژنەی هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق لە پەرلەمان بە سەرۆكایەتی فالح ئەلساری كۆبووەوە و لەوەشدا، چارەنووسی ماددەی 140 مژاریكی گفتوگۆبووە.[1] بەقسەی هەندێك لە پەرلەمانتارانی كورد بێت، ئەندامانی شیعە و سوننەی لیژنەكە داوای لابردنی مادەی 140 یان كردووە. هەرچەند ئەم خواستێكی نوێ نییە، بەڵام ئەم بابەتە جارێكی دیكە سەرنجی بۆ سەر خودی لیژنەی هەمواركردنەوەی دەستوور لە پەرلەمان رادەكێشێت.

ئەم لیژنەیە لەژێر كاریگەری خۆپیشاندانەكانی ئۆكتۆبەری 2019 دا و، وەكوو وەڵامێك بۆ داخوازیی خۆپیشاندەران و هێوركردنەوەی شەقامی ناڕازی، پەرلەمانی عێراق لە رۆژی 3/ 11/2019 بە بەشداری(31) پەرلەمانتار و بەپێی ئەحكامەكانی مادەی (142)ی دەستووری هەمیشەی عێراقی دروست كرا، تا كۆمەڵێ پێشنیار بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق گەڵاڵە بكات. ئەمەش وەكوو هەوڵێك لە چوارچێوەی چاكسازیی سیاسی پێناسەكرا. لیژنەكە (6) ئەندامی كوردی تێدایە و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكەش، هاوشێوەی نووسینەوەی دەستوور، بە سازانی نێوان هەرسێ پێكهاتەی سەرەكی عێراق دیاریكران. بەجۆرێك سەرۆكی لیژنەكە پەرلەمانتارێكی شیعەیە و دوو جێگری كورد و سوننەیشی هەن. ئەو لیژنەیە سەرەڕای گرفتە یاسایەكانی بەردەمی، لەرووی واقعیشەوە كێشەی شەرعی بوونیان هەیە و ئەستەمە بتوانێت پێشنیارەكانی بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور هەروا بەئاسانی تێبپەڕێت. لێرەشدا بە كورتی تیشك دەخەینە سەر گرفتەكانی بەردەم كاری لیژنەكە و شەرعیەتی كارەكانی وچۆنیەتی خستنە بواری جێبەجێكردنی بڕیارەكانی.

**هەمواركردنەوەی دەستوور لەنێوان سەرۆكایەتی كۆمار و پەرلەماندا**

هاوكات لەگەل دروستكردنی لیژنەی هەمواركردنی دەستووری عێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەپێی حوكمەكانی مادەی (142)، سەرۆكایەتی كۆماریش بە پشت بەستن بە حوكمەكانی مادەی(126)، لیژنەیەكی بۆ هەمواركردنی دەستووری عێراق دروست كرد. بەر لەهەرشتێك پێویستە ئەوە بلێین، كەم دەستوور هەیە لە دنیادا بە دوو مادەی جیاواز یان دوو رێوشوێنی جیاواز بابەتی هەمواركردنی رێكخرابێت. لەوانەیە دەستووری عێراق یەكێك بێت لەو دەستوورە دەگمەنانەی كە ئەم بابەتەی رێكخستوە، هۆكارەكەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم دەستوورە كۆمەڵێ ئەحكامی دژ بەیەكی تێدا جێكراوەتەوە وەك هەولێك بۆ راگرتنی هاوسەنگی نیوان پێكهاتە سەرەكیە پێكهێنەرەكانی عێراق. بۆیە بەو شێوە ئاڵۆزە بابەتەكەی رێكخستوە. سەرەتا دەبوو سەرۆكایەتی كۆمار پەلەنەكات لە دروستكردنی ئەو لیژنەیە، چوونكە ئەو لیژنەیەی كە سەرۆكایەتی كۆمار دروستی كرد نادەستووری بوو. چونكە مادەی (142) زۆر روونە و رێگە نادات بە كاركردن بە پێی مادەی (126) هەتا ئەو كاتەی مادەی (142) یەكلایی نەكرێتەوە. هەربۆیە بڕیارێكی دادگای باڵای فیدراڵی لەم بارەوە هەیە كە جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە پێویستە كاركردن بە مادەی (126) رابگیرێت، تاوەكو پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی بەپێی حوكمەكانی مادەی (142) پیادە دەكات. دیارە ئەمە بەشێكی گرفتی هەمواركردنی دەستوورە، بەشەكەیتری ئەوەیە كە پەرلەمانیش نەیتوانیوە بە رێكوپێكی دەسەڵاتی خۆی بۆ بابەتی هەمواركردنەكە پیادە بكات. چونكە لیژنەكە دوو گرفتی گەورەی هەیە: یەكەمیان تا ئێستا نەیتوانیوە نیسابی یاسای خۆی پڕبكاتەوە بۆ گرێدانی كۆبونەوە و یەكلایكردنەوەی ئەو مادانەی كە دەیەوێ بۆ هەمواركردنەوە پێشنیاریان بكات. دووەمیشیان بریتیە لەوەی كەوا لیژنەكە بەتەواوی ماددەكانی دەستووردا چوەتەوە بەمەبەستی هەمواركردنەوە، ئەمەش رێك پێچەوانەی چەمكی هەمواركردنەوەیە. ئەو كات ناتوانین بلێین هەمواركردن بەڵكو دەتوانین بڵێین گۆڕینی دەستوور. چونكە لە هەمواركردنی دەستووردا، دەكرێ تەنها چەند ماددەیەك هەموار بكرێتەوە نەك هەمووی. ئەمهش وایكردووە كاری لیژنەكە وەك پێویست نەچێتە پێش و پرۆسەكە خراب بشێوێت.

**پەرلەمان دەتوانێت چی هەموار بكات؟**

ئەو لیژنەیە كەوا بۆ هەمواركردنی دەستوور دروست بووە، بە سەرلەبەری دەستووردا چوەتەوە و كەم ماددە هەیە پێیدا نەچوبێتەوە و زیاد لە پێشنیارێكی بۆ هەمواركردنەوەی ئامادە نەكردبێت. جگە لە ماف و ئازادییەكان نەبێت كە ئەستەمە بتوانێت دەستكارییان بكات. بەڕای ئێمە، ئەوەی لیژنەی پێداچونەوە و هەمواركردنی دەستوور كردویەتی كردەنی نیە و نیشانەی ئەوەیە كە، پرۆسەی هەمواركردنی دەستوور بۆ كات كوشتن و خۆڵكردنە چاوی خۆپیشاندەرانە. یان بە واتایەكیتر، ئەو بەردەگەورەیەی كە هەڵیگرتوە نەتوانای ئەوەی هەیە

بیهاوێژێت نە کاری ئەویشە هەتا وابکات. چونکە سنووری دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە. سەرباری هەموو ئەوانەش، کارەکانی ئەم لیژنەیە هیچ شەرعیەتێکی نەماوە بەتایبەتە لە پاش (4)مانگی یەکەمی کارکردنیەوە، چونکە دەستوور زۆر بەڕوونی دەڵێت کە پێویستە لیژنەیەکی وەها کارەکەی لەماوە (4) مانگدا تەواو بکات و ئەو مادانەی کە دەیەوێ هەمواربکرێتەوە بیانخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. دیارە ئەم لیژنەیەی ئێستا ساڵێکە خەریکی کارکردنە، بۆیە بەحوکمی واقع ئەو لیژنەیە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، چونکە لە ماوەی دەستووری خۆیدا کارەکەی تەواو نەکردوە. مافی پەرلەمانیش بەپێی مادەی (142)ی دەستوور پیادەکراوەو جارێکی تر ناتوانێت لیژنەیەکی هاوشێوە دروست بکات بۆ هەمواری دەستوور لەعێراق. بۆیە هەرچی کاری لیژنەکە هەیە لەئێستادا نادەستووریە و هیچ شەرعیەتێکی نیە. پرسیارێکی سەرەکی و گرنگ لێرەدا سەرهەڵئەدات کە ئایا دەکرێت لیژنەیەکی ناشەرعی پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور و پێدانی شەرعیەت بە مادەیەکی دەستووری بکات؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە. هەموو کارەکانی لیژنەکە و کارەکانی لەئێستادا وەك نەبوو وایە و پووچەڵە.

**دەستکاری چی شتێکی کورد کراوە ؟**

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد پێداچونەو و پێشنیار بۆ هەموارکردنەوەی زۆرینەی برگە و مادەکانی دەستووری عێراقی کراوە، بەڵام ئەوەی جیگەی بایەخی ئێمە بێت لێرەدا، ئەو برگەو مادانەن کە پەیوەندیدارن بە مافەکانی کوردەوە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا. یەکێك لەو بابەتانە هەوڵدانە بۆ هەمواركردنەوەی مادەی(114) کە تایبەتە بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هە رێم. بۆنمونە لە بابەتی پەیوەندیدار بە نوێنەرایەتی هەرێمەکان لەبواری دبلۆماسیدا دوو پێشنیار خراونەتەڕوو، بەڵام هیچیان جێگیر نەکراون. ئەوانیش یەکێکیان جەخت لەبوونی نوێنەرایەتی هەرێم لە چوارچیوەی بالوێزخانەکانی عێراق دەکاتەوە و پێشنیازی دووەمیش پێیوایە کە دەبێت نوسینگەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی  بۆ هەرێمەکان هەبێت. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵی بابەتیتر کە بۆ هەرهەمووی، زیاد لە پێشنیارێك خراونەتەڕوو کە لەرووی واقعیەوە پرۆسەکە ئەستەم دەکات. هەرچی تایبەت بێت بە چارەنوسی مادەی(140)ی دەستووریشەوە، هەرچەندە هەوڵی زۆردرا پێشنیاری ئەوە بکرێت کەوا مادەکە بەیکجاری هەڵبگیرێت بەڵام، بەهۆی ناکۆکی نوێنەرانی کورد و رازینەبونیان هیچ پێشنیارێك بۆ ئەو گرفتە نەخرایەڕوو. بەڕای ئێمە دەبوایە نوێنەرانی کورد جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئەگەر قەرارە ئەو مادەیە هەمواربکرێتەوە، دەبێت ئەوان پێشنیاری زۆر پراکتیکییان بخستایەڕوو بۆ جێبەجێکردنی ئاسانی ئەو مادەیە، تا هەرچی زووە دۆسیەی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلایی بکاتەوە نەك ئاوا بە هەڵواسراویی بهێڵدرێتەوە.

**کۆتایی**

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە ئێستا هەندێك هەوڵی سیاسی هەیە هە کە دەیانەوێ مادەی (140) هەڵبگرن وبیکەنە بەشێك لەو پاکێجەی کەوا بۆ هەموارکردنی دەستوور ئامادە دەکرێت. پێویستە لایەنی کوردی و نوێنەرانی کورد لەبەغدا، لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی دیکەی وەها یان هەوڵەکان بۆ دەستکاریکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم، رێگای دادگای باڵای فیدرالی بگرنەبەر، هەرچەندە ئێستا ئەویش پەکیکەوتووە و ناتوانێت کۆببێتەوە. چونکە لەو رێگەیەوە دەتوانرێت تانە لە هەموو بریارێکی لیژنەکە بدرێت و تەنانەت دەتوانرێت بریاری هەڵوەشانەوە و نادەستووری بوونیشی بدات. بۆیە دەکرێت وەك دوا ئامرازی بەرگری  لەدژی هەر هەوڵێك بۆ دەستکاریکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم و مافە جێگیرکراوەکانی کورد لەدەستووردا بەکاربهێنرێت.

- [1]
https://ar.parliament.iq/2020/12/07/%d9%84%d8%ac%d9%86%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%b9%d8%af%d9%8a%d9%84%d8%a7%d8%aa-%d8%a7%d9%84%d8%af%d8%b3%d8%aa%d9%88%d8%b1%d9%8a%d8%a9-/%d8%aa%d8%b3%d8%aa%d9%83%d9%85%d9%84-%d9%85%d9%86%d8%a7%d9%82-4